*Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê*
*Kurdistan National Congress*
*Congrès National du Kurdistan*
کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

KNK

*Rue Jean Stas 41 1060 Bruxelles tel: 00 32 2 647 30 84* ***Homepage:*** www.kongrakurdistan.net ***e-mail:*** kongrakurdistan@gmail.com

## زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامیی نیشانەی لاوازبوونیەتی!

ساڵی 2020، ساڵێکی بە تایبەتیی سەخت بوو بۆ گەلانی ئێران. سەرەڕای دیکتاتۆریی ڕژیم، باری ئابووریی خەڵک خراپتر بوو و پەتای کۆرۆنایش بوو بە سەرباری هەموو ئەو نەهامەتیانە لە بێکاریی و نەداریی و هەژارییەک کە لە 42 ساڵی ڕابردوودا زیاتر و زیاتر بوون.

خەڵکانی ئێران، بەتایبەتیی خەڵکی کوردستان، گیرۆدەی سیستەمێکی ستەمکار بوون کە دەست وەردەداتە هەموو بوارێکی کۆمەڵگا و وردەوردە دنەی خەڵک دەدات کە دژی یەکتر بدوێن و زەمینەی هەڵاواردن و ڕەگەزپەرستیی لە ناو خەڵکدا خۆش دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگای دوورخستنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە یەکتری و بەین و جیاوازیی بخەنە ناو خەڵک و بەو شێوەیە بە شەڕی یەکترەوە سەرقاڵیان بکات.

هاوکات دەوڵەت کەوتووەتە داتاشینی تاوان و هەڵبەستنی درۆدەلەسە بۆ تاوانبارکردنی ئەو تاکانەی کە بە بچووکترین شێوە دەیانەوێت باسی دیموکراسیی و ئازادیی و نان و ئاو بکەن. مۆری خیانەت و ناپاکیی و کوفر لە هاووڵاتیانی ئاسایی دەدات و بە مەبەستی چاوترساندن و ڕەشبگیریی ئەنجام دەدات و بازووی خۆی نیشان دەدات.

تەنیا لە سێ هەفتەی ئەم مانگی یەکەی ئەم ساڵی زایینیدا نزیکەی سەد (100) کەس گیراون و بێ سەروشوێنن کە ژمارەیەکی بەرچاویان کچان و ژنانن. هەموو ئەمانە هیچ دەسترەسییەکیان بە وەکیل و پارێزەر ناگات و تەنانەت ئەو یاسایانەیش نایانپارێزێت کە خودی کۆماری ئیسلامیی ئێران بانگەشەیان بۆ دەکات.

لە فەزایەکی دیکتاتۆریی و فاشیزمی مەزهەبیی و ئایینیی، بێکاریی و هەژاریی و بێخزمەتگوزاریی تەنگی بە خەڵک هەڵچنییوە. بە ئەژمارن ئەوانەی لە تاوی بێدەرەتانیی و دەستەوەستانییدا پەنا دەبەنە خۆکوژیی، کە زۆربەیان ژنن. دەوڵەت تەنانەت ڕێگای کۆڵبەرییش لە خەڵک دەگرێت و گەرەکیەتی لە ڕێگای برسیکردنەوە چۆک بە خەڵک دابدات و ناچاری تەسلیمبوون بە دۆخی ئێستایان بکات.کێشەی خانەوادەیی و تێکهەڵچوونی خەڵکی نزیک یەک و دەراوسێ و هاوشاریی بەشێکن لەو نەخۆشینانەی کە دەرئەنجامی فەزا سیاسیی و ئابوورییەکە دروست بوون.

لە کاتی وادا پێویستە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران ستراتیژ و ئامانجی سەرەکیی لە بیر نەکەن و نەبنە بەشێک لە کایەی دەوڵەت. یەکیەتیی و یەکگرتوویی و هاودەنگیی خەڵکی کوردستان تەنیا فاکتەرێکن کە بەرەو ئاسۆی ڕوونمان دەبەن.

کاری خەباتگێرانی کوردستانیی دەبێت ئەوە بێت کە ژمارەی دۆست و یاران بۆ خەباتی ئازادیخوازیی زیاد بکەن و دۆزی کوردستان ڕوون بکەنەوە.

دەوڵەتی ئێران و تورکیا لە قەیرانی گەورەی سیاسیی و ئابووریی دان و لە ئاستی نێونەتەوەییدا تا دێت زیاتر گۆشەگیر و بێ متمانە و تەریک دەبن. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی لە ڕێگای زیاترکردنی زەبروزەنگ و چاوترسێنییەوە هەوڵ دەدەن پێچەوانەکەی نیشان بدەن.

لەو بارەوە ک ن ک ە داوا لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکات کە خاوەن لە ڕەنج و قوربانیی و فیداکاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەر بکەون و پشتوپەنایان بن و لە سەر خەباتی یەکگرتوویی کوردستانیی بەردەوام بن. زیندانیانی سیاسیی سەری بڵند و هەوێنی تێکۆشانی ئێمەن. سەرکەوتن لە هەر بستێکی خاکی کوردستان سەرکەوتنی هەموومانە و هەر جۆرە زیانێک زیانە لە هەموو کوردستان.

بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتی داگیرکەریی و کۆنەپەرستیی لە کوردستان شکست دەهێنێت و تێکۆشانی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت!

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – ک ن ک ە**

**23.01.2021 برۆکسل**